
# ریفراندۆم
# لە روانگەی هونەرمەندانەوە

## هونەرمەند و نووسەری شانۆیی عەلی کریم:
## ریفراندۆم هەستی نەتەوەییە چ پێویستی بە یاسایی بوون هەیە



ریفراندۆم پرۆسەیەکی دیموکراسییە، بەمەبەستی گوێگرتن لە داخوازییەکانی کۆمەڵێك یان کۆمەڵگەیەك، یان نەتەوەیەك، جا هەر کەسەو بەپێی داخوازیەکانیان، دیارە ریفراندۆمی گەلی کوردستان بەمەبەستی گوێگرتنی گەلان و نەتەوەکانی دنیایە بۆ داواکاریەکانی بەمەبەستی دانان بە مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئەمە داواکاری خواستی نەتەوەیەکە رووبەرووی گەلانی دنیا ئەکرێتەوە، ئەمە چ پێویستییەکی بەیاسایی بوون هەیە، بەپێی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ نەك هەیە بەڵکو یاسایە، داواکاری گەلی کوردستان داواکاریەکی مرۆڤدۆستانەی رەوایە.

کاتێك هەڵەبجە کیمیاباران کرا، یاسا لەکوێ بوو؟ کاتێك ئەنفالی بارزانییەکان و ئەنفالی گەرمیان و کرا یاسا لە کوێ بوو؟ کاتێك سەراپای کوردستان وێران و خاپوورکرا، یاسا لە کوێ بوو؟ ئێستا کاتێك منی کوردزمان خەون بە دەوڵەت و ئازادی و سەربەخۆییەوە دەبینم و بۆی تێدەکۆشم بۆچی یاساغ و نەشیاوە؟! من هەر لە مێرمنداڵیمەوە، هێشتا تازە بە ئاگا ئەبوومەوە لە رێگەی پەروەردەی خێزانیمەوە، لە رێگەی باوکم و برا گەورەکەم (شەهید جەلال کریم)ـەوە لە ساڵانی شەستەکانەوە خەونم بە ئاڵا و بە ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کوردستانەوە دەبینی، ئێستاش بە دەنگی بەرز دەڵێم: (بەڵێ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی).

ریفراندۆم داوایەکی نیشتمانی و نەتەوەی کوردە، پرسی سەربەخۆیی کوردستان هیچ پەیوەندیی بە حزبایەتییەوە نییە، پرسی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان هیواو ئومێدە کە دێتەدی، بەڵێ بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان بە تەواوی ناوچە کوردستانییەکانەوە لەسەرووی هەموویانەوە کەرکووکەکەم، نیشتمانە بچووکەکەم، بەڵێ بەڵێ بەڵێ بۆ ریفراندۆم و دەوڵەتی کوردستان.

## زۆر نزیکە کەرنەڤاڵ

**فەرهەنگ غەفوور**

ئەدیبان و رۆشنبیران و هونەرمەندانی کوردستان، ئەو توێژە وشیار و بەرچاوەی کۆمەڵگەن کە لە هەموو قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا رۆڵی پێشەنگ و کارایان هەبووە، چ لە بواری کولتووردا بووبێ، یان لە داهێنان و ئەفراندندا، یاخود لە بەرەنگاربوونەوە و تێکۆشان لەپێناو مافە رەواکانی گەلەکەیاندا. نموونەی هەر بوارێکیش هێندە زۆرن کە ئێرە جێی ناوهێنانیان تێیدا نابێتەوە. سەردەمێك کە گەلەکەمان لە شۆڕشدابوو، ئەم توێژەش پێشمەرگەی شار و شاخ بووە و بە پێنووس و بە داهێنان و بە ئەفراندنی شاکار و رۆمان و چیرۆك و تابلۆ و میلۆدی و سەمفۆنیا و نواندن، گەلەکەیان لە مەترسی و کاریگەریی کولتووری بێگانە و داگیرکاری وشیار کردووەتەوە و دیدی وڵاتپارێزی و رزگاری و سەربەخۆییان لەناودا بڵاو کردۆتەوە.

لەم پێناوەشدا دەیان نووسەر و رۆشنبیر و هونەرمەند و داهێنەری کورد چ لە شاخ، یاخود لە شار یانیش لە بەندیخانەکاندا گیانیان بەخشیوە و بوونەتە هەوێنی ئەو ئازادی و ئەزموونەی ئەمڕۆ کورد تیایدا بووەتە سیمبولی گەلی ئازا و ئاشتیخواز و مرۆڤدۆست، ئەمەیشی بە کردەوە بۆ دۆست و دوژمن سەلماندووە و ئەمڕۆ تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەو شایەدییە بۆ کورد و بۆ هێزە نەبەردەکەی لێ دەدا کە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. هونەرمەندان و ئەدیبان و رۆشنبیرانی کوردستان شان بە شانی پێشمەرگە و تەواوی ئازادیخوازانی کوردستان لە هەموو چین و توێژەکاندا توانییان زمان و داب و کولتووری جوانی و پێکەوەژیان و مرۆڤدۆستی و خاك و زێدەکەیان بپارێزن و بیگەیەنن بە ئەمڕۆ، کە لە سەروبەندی دەستنیشانکردنی ئامانجە مەزن و



## دڵنیام هیچ کوردێک نالێ نەخێر بۆ دەوڵەتی کوردی

سەعدون یونس:



بوونی دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆ لە هەر چوار پارچەی کوردستان مافێکی رەوای گەلی کوردە و مێژووی هەموو میللەتان ئەمە دەسەلمێنێت، بەڵام بە بۆچوونی خۆم ئەگەر لە ئێستادا ئەمە مەحاڵ نەبێ ئەوا زۆر زۆر قورسە، سەبارەت بە باشووری کوردستان کە بەشێکی گرنگی ئەو چوار پارچەیە مافی خۆیەتی کە گشتپرسی ئەنجام بدات بۆ ئەوەی رای میللەتەکەی خۆی بزانێت، دڵنیاشم کە هیچ کوردێك نییە بڵێ نەخێر بۆ دەوڵەتی کوردی و ئەگەر ریفراندۆم بۆ راگەیاندن و بونیادنانی دەوڵەتێکی کورد وابزانم هەموو کەسێك ئامادەیە دەست بەرز بکاتەوە و خەباتیش بکات بۆ هێنانەدی ئەو دەوڵەتە، بەڵام ئەگەر مەبەست بەکارهێنانی بێت وەك کارتێکی فشاری سیاسی، بەڕای من ئەوە هەر نەکرێت باشترە، جگە لەوەی من بە دڵنیاییەوە دەیڵێم پێویستە چاکسازی بکرێت، بژێوی ژیانی خەڵك باشتر بکرێت، داهاتی کوردستان بۆ میللەت بێت و گەشە بە کەلتوور بدرێت، فەراهەمکردنی ژیانێکی دوور لەگەندەڵی بۆ میللەت، ئەمانە بناغەی گشت پرسین بۆ ئەوەی رۆژێك لە رۆژان ئێمەش ببینە خاوەن دەوڵەت.

دەوڵەتی کوردی خەونی هەموو لایەکە، بەڵام دەوڵەتێك بۆ هەموو هاونیشتمانییان، کە هەموو داهاتەکەی بۆ میللەت بێت و کەمترین ئاستی گەندەڵیی تێدا بێت، دەوڵەتێك بە سەربەرزی بژیت و بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، دەوڵەت کەلتوورخواز بێت و خاوەن کەلتووری خۆی بێت، سەرکەوتنیش هەر بۆ میللەتە.

## ـــــــــی گەورە دەگێڕین

سەرەکیەکەماندایین کە سەربەخۆیی کوردستانە. ئەمڕۆ کوردستان لە ئانوساتی ئەنجامدانی ریفراندۆم و دیارکردنی چارەنووسی خۆیەتی، بۆ ئەوەی تا هەتایە لە داگیرکاری رزگاری بێت و وەکو گەل و نەتەوەکانی دیکەی دونیا ئازاد و سەربەخۆ بێ. ئەمڕۆ کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا بڕیاری داوە لە (٢٥ی ٩)ی ئەمساڵ ریفراندۆم لە تەواوی پارێزگاکانی کوردستانی باشوور بە ناوچە دابڕێنراوەکانیشەوە ئەنجام بدا، زۆرینەی هەرە زۆری چین و توێژەکانی گەلەکەمان زۆر بە جۆش و خرۆشەوە لە چاوەڕوانی ئەو رۆژەدان تا بە دەنگی خۆیان تەوقی دیلی و ژێردەستەیی لە مل دارنێ و ئازاد و سەربەست لە نیشتمانی سەربەخۆی خۆیدا بژیت و وڵاتێك ئاوا بکات کە زیاتر لە سەد ساڵە خوێنی بۆ دەبەخشێ و بۆی تێدەکۆشێ. لەم پێناوەشدا هونەرمەندان و رۆشنبیران و ئەدیبانی کوردستان، لە پێشەوەی بەرەی سەربەخۆیی و ژیانی ئازادی و شەرافەتمەندانەدان بۆ گەلی کوردستان بە تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانیەوە. هونەرمەندانی کوردستان لە رێی هونەرەکەیانەوە، بە میلۆدی و سەمفۆنیا و ئاواز و فلچە و تابلۆ و شانۆ و دراما و سینەما و گۆرانی، بەهەر شێوازێك کە پێویست بکا بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم خۆبەخشانە و بە گیانی پێشمەرگانەوە کار دەکەن، تا ئەو رۆژەی کە ئەگەین بە ئازادی و سەربەخۆیی یەکجاری، کە بە ئومێدی خوا و یەکدەنگیی تەواوی پێکهاتە و چین و توێژەکانیەوە زۆر نزیکە و هەموومان بە یەکەوە ئاهەنگ و کەرنەڤاڵی گەورەی بۆ دەگێڕین و پیرۆزی دەکەین.





## ئازەر بەشداری لە فیلمێکی بەهمەنی قوبادی دەکات



## روک دەیەوێ ببێتە سەرۆکی ئەمریکا

ماوەیەك بەر لە ئێستا ئەستێرەی ناسراوی هۆلیۆد (دواین جۆنسون)ی ناسراو بە (زە رۆك) لە چەند بۆنەیەكدا باسی لەوە كردبوو كە دەیەوێ بێتە نێو بواری سیاسەت و وەك پاڵیوراوێك بەشداری لە هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی ئەمریكا لە ساڵی ٢٠٢٠ دەكات و بۆ ئەم مەبەستە رێوشوێنە یاساییە پێویستەكانی لە ئێستاوە ئەنجامداوە.

جۆنسۆن یەكێكە لەو ئەكتەرانەی كە خاوەن جەماوەرێكی زۆرە، چونكە بەر لەوەی روو لە بواری سینەما و نواندن بكات یەكێك بوو لە زۆرانبازێ ناسراوەكانی جیهان و جەماوەرێكی زۆری پەیدا كرد هەر ئەمەش وایكرد كە لە وەرزشەوە روو لە نواندن بكات، و دواتریش فیلمەكانی سەركەوتنی زۆریان بە دەستهێنا.

پێشتر جۆنسۆن ئارەزووی خۆپاڵاوتنی نەشاردبۆوە و ئاماژەی بەوە كردبوو كە دژایەتی و پشتگیری هیچ سیاسەتمەندارێك ناكات و لەم بارەوە وتی: پێموایە دەتوانم دەتوانم بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی ئەمریكایەتیدا بكەم و بەر لە دوو ساڵ ئەم هەستەم لە لا درووستبوو ئەمەش وایكرد كە بە جددی بیر لەو بابەتە بكەمەوە و شانسی خۆم لە بواری سینەماش تاقی بكەمەوە.



بڕیارە خانمە هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان ئازەری قوبادی وەك ئەکتەر بەشداری لە فیلمی داهاتووی دەرهێنەری ناسراو بەهمەنی قوبادی بکات.
لەم بارەوە ئازەر قوبادی لە لێدوانێکدا بۆ گوڵان ڕایگەیاند: یەکێك لە ئارەزووە سەرەکییەکانم ئەوە بوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بتوانم لە فیلمێکی بەهمەن قوبادیی برام دا بەشداری بکەم، ئێستا کە بەهمەن سەرقاڵی فیلمێکی نوێیە کە لە ئەمریکا وێنەی دەگیرێت ئەو دەرفەتە بۆ من ڕەخساوە کە ئەو ئارەزووەم بێتە دی، ئەمەش مایەی خۆشحاڵی و سەرفرازی منە، من لەو فیلمەدا ڕۆڵم دەبێت ڕۆڵەکەشم بریتییە لە ئافرەتێکی پۆلیسی ئەمریکیم دەبێت، لێرەوە زۆر سوپاسی کاك بەهمەن دەکەم کە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندم.
ئازەر ئەوەشی بە گوڵان ڕاگەیاند کە جگە لەو کارە سینەماییەی ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی چەند گۆرانییەکە و لەم بارەوە وتی: ئێستا لە قۆناغی کۆتایی تۆمار کردنی سێ گۆرانیی نوێم کە یەکیان بە زمانی کوردییە و دووانیان بە زمانی فارسییە.



# کاترینا پیرۆزبایی لە دلای لاما دەکات


بەشێك لە ئەستێرە جیهانییەکان بۆ ئەوەی خۆشەویستی جەماوەریان زیاتر بێت و لە دەست نەدەن، هەوڵ دەدەن لە بۆنە ڕەسمییەکانی وڵاتاندا بەشێوازی جۆراوجۆر بەشداری بکەن وەك ئامادەبوون لە ئاهەنگەکانی ڕۆژی سەربەخۆیی وڵاتان و فیستیڤاڵە هونەرییەکان، تەنانەت هەندێك جار بەشداری لە بۆنە تایبەتییەکانیش دەکەن وەك لە دایکبوونی سەرۆك و کەسایەتییە سیاسییە ناسراوەکانی وڵاتان.
هەرچەندە هەرێمی تبت تا ئێستا وڵاتێکی سەربەخۆ نییە و لە چوارچێوەی سنووری سیاسی وڵاتی چیندایە و خەڵکی تبت لە خەبات بەردەوامن بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هەرێمەکەیان، بەڵام خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆڵیۆد کاترینا کایف لە ٨٢یەمین ساڵیادی لە دایکبوونی دیلای لایمای چواردەهەم سەرکردەی ئایینی بوزییەکانی تبت بەم بۆنەیە پیرۆزبایی لێکرد.
پاڵەوانی (جاگا جاسۆس) لە ئەکاوەنتی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنستگرام پیرۆزباییەکی ئاراستەی دیلای لاما کرد لەگەڵ وێنەیەکی تایبەتی خۆیان کاتێك لە گەشتێکدا بە یەکەوە بوون لە فڕۆکەدا و کاترینا داوای دەکات دیلای لاما نزای سەرکەوتنی بۆ بکات.
شایەنی باسە بەم دواییە کاترینا ئامادەی یەکەم نمایشی دوایین فیلمی بوو کە بە ناوی (جاگا جاسوس)ە لەگەڵ ئەستێرەی لاوی بۆڵیۆد ڕانبیر کاپور.


# ( دانیشتوانی عەلیاوا )
# لە پایتەختی روسیا نمایش دەکرێت

(دانیشتووانی عەلیاوا) فیلمێکی رۆمان ئامێزی درێژی سینەماییە و بەرهەمی (ناوەندی گاڤ بۆ کاری تەلەفزیۆنیی و سینەمایی و کوردی)یە. ماوەی فیلمەکە ١٢٤ خولەکە و لەلایەن سینەماکار (لوقمان غەریب) کاری سیناریۆ و دەرهێنانی بۆ کراوەو تیایدا ژمارەیەکی دیار لە هونەرمەندانی خاوەن ئەزموونی کورد رۆڵ دەگێڕن، لەوانە ئەکتەرانی ناسراو (عەلی کەریم، عەبدولی حەمەجوان، مەروا محەمەد، ئەڤین عوسمان لەگەڵ زیاتر لە ٢٥ ئەکتەری تر). ئەم فیلمە لەلایەن ستافێک لە هونەرمەندان و تەکنیککارانی کورد بەرهەمهێنراوە و بەکامیرای مەحمود کەمال وێنەی گیراوە و هەرێم نوری مونتاژ و مێکساژی کردووە، هەڵکەوت زاهیریش میوزیکی بۆ داناوە، هەروەها کەمال چالاک بەڕێوەبەری بەرهەمی فیلمەکەیە، لە سەرەتای ئەمساڵ لە رۆژی ٢٠١٧/١/٢٦ دا بۆ یەکەم جار لە کوردستان نمایش کرا و بڕیار وایە لە مۆسکۆی پایتەختی رووسیا نمایش بکرێت. سەبارەت بە ناوەڕۆک و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی فیلمەکەش سیناریست و دەرهێنەر لوقمان غەریب تایبەت بە گۆڤاری گوڵان وتی:









سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ دەستمان بە بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە کرد و تا کۆتایی ٢٠١٦ پێوەی سەرقاڵ بووین، ئاسان نییە لەوڵاتێکدا کە کەرەستەیەکی ئەوتۆی پیشەسازی فیلم چ لە رووی تەکنیکی و چ لە رووی بەشەری لەبەردەست نەبێت و فیلم دروست بکەیت. ئێمە بودجەمان لەبەر دەست نەبووە، ئامێر و تەکنیکی سینەمای پێویستمان پێ دابین نەکراوە، بەڵام خۆشبەخت بووین کە توانیمان لەو بارودۆخە خراپەی دارایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و لەناو ئەو هەموو کێشە و دەردەسەرییەدا، فیلم دروست بکەین و بەرهەممان هەبێت. ئەمە بۆخۆی ئامانجەکە بوو کە خۆشبەختانە توانیمان سەرکەوتووانە بەدی بێنین.

سەبارەت بە ناوەڕۆکی فیلمەکەش لوقمان غەریب وتی: بریتییە لە بەسەرهاتی شارێکی دوورەپەرێزی دواکەوتووی پڕلە کێشەو ئاڵۆزی، کە پێش هەرکەسی تر خەڵکی ئەوێ خۆیان گیرۆدەی دەستی ئاکار و دوودڵی و ناکۆکیی نیوان خویانن لەگەڵ دەستپێکردنی رووداوەکانی فیلمەکەدا، کەسێك وەك فەرمانبەری دەوڵەت نەقڵی ئەوێ دەبێت و پێش وەختە هەموو زانیارییەکی لەسەر دانیشتووانی شارەکە وەرگرتووە. بە فکری خۆی نیازی وایە کە وەك فریادرەسێك بەهانای خەڵکی عەلیاواوە بچێت و کێشە و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر کات. بەڵام ئەم کەسە خۆی لە بنچینەدا کەسێکی ئاڵۆز و کەسایەتییەکی سەیر و خاوەنی دنیایەك لە کێشە و گرفتە لە رابردوودا هەر بۆیە لەم هەوڵدانەدا سەرکەوتوو نابێت و دواجار دەبێتە مەخسەرەی خەڵکی شارەکە. لێرە ئێمە دەمانەوێت بڵێین کە هیچ فکر و تێگەیشتن و ئایدیایەك سەرکەوتوو نابێت گەر پێشوەختە زەمینەی سروشتی خۆی بۆ نەرەخسا بیت وەك قوناغبەندیش نەگەیشتبێتە ئەو ئاست و قۆناغەی کە پێویستە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو پێشهاتەدا .

لە راستیدا چونکە شێواز و ستایلی فیلمەکە ریالیستی و واقیعیە و چیرۆك و دیالۆگ بنچینەی پێکهینانی سیناریۆکەن، سەرەڕای نەبوونی ئیمکانیاتێکی ئەوتۆ،توانیومانە تا ئەندازەیەکی باش فیلمێکی واقعی جوان دروست بکەین، دیارە لە جوگرافیایەکیشدا کە کەرەستە و پێکهاتەکانی پیشەسازی سینەما بوونی نەبێت دەرهێنەر و سینەماکاران ناچارن کە دەست بۆ جۆرە کارێك ببەن کە دواجار بتوان تیایدا سەرکەوتوو بن، ئیمەش لە عەلیاوادا بی موبالەغەکردن ئەوەمان کرد و جێی سەرنجێکی زۆری بینەرانیش بوو، ئەگەرچی بەداخەوە ئەمڕۆ لە کوردستاندا، بینەری کاری جدی، تا ئەندازەیەکی زۆر کەم بۆتەوە .

سەبارەت بە نمایش کردنی فیلمەکە لە روسیا لوقمان غەریب وتی: ئەوەی راستی بێت لەسەرەتای دروستکردنی فیلمەکەدا بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن بتوانم لە دەرەوەی کوردستان جا چ ئەوروپا یان هەر وڵاتێکی تر بێت، فلمەکەم پیشان بدەم. من لەناوەڕۆکدا باسی کێشەیەك دەکەم کە بینەری هوشیار و خاوەن مەعریفە، بەباشی لێی تێدەگات. دواجار دروست بوونی چەند پرسیارێکی تازە و وەڵامی پرسیارگەلێکی تریشی دەست دەکەوێت.

ئینجا ئیتر ئەوە پەیامی سەرەکی هەر تیکست و بەرهەمێکە کە بیەوێت پرسیار و وەڵام لای وەرگر دروست بکات. ماوەی رابردوو لەرێی یەك دوو برادەرەوە دەستمان گەیشت بە سەنتەرێك لە روسیا کە گرنگی بە بواری داهێنان و فیلمسازی ئەدات لەو وڵاتانەی کە هونەری سینەما تیایدا سەرەتاییە و نەگەیشتۆتە ئاستی بزنس و پیشەسازیی، بەڵام لە رووی پێکهاتە و رەگەزە بنچینەییەکانی سینەماوە خاوەنی بەرهەمن، لەوێ جارجارە فیلمی وڵاتانی هەژار لەبوا ری سینەمادا پیشان ئەدرێت، تەنانەت ئەو فیلمانەش کە لەئاست و کوالێتییەکی کەم و نزمدان و لە وڵاتانی وەك لیبیا و جەزائیر و ئەفغانستان و سودان ئەوانی ترەوە بەرهەم دەهێنرێن. ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە بینەرێکی زۆر و بەردەوامی ئەو فیلمانەیان هەیە کە رەگەزی موبالەغە و تەکنیکی کۆمپیوتەری ئەوتۆی تێدابەکار نەهاتووە . زۆر چێژ لەو جۆرە فیلمانە دەبینن. هەرچەندە ئەتوانم بڵیم لە زور رووی وەك کوالیتی و بابەت و پێکهاتەکانی تری فیلمەوە، فیلمی (دانیشتووانی عەلیاوە) لە ئاستێکی باڵای هونەریدایە، بەڵام دیارە و گومانی تیدا نییە کە ناتوانێ رکابەری فیلمێك بکات کە سەدان هەزار دۆلاری تیادا خەرج کرابێت. ئیتر ئەوە ئیستا بۆ چەند جارێك ترایلەری فیلمەکە لە ساڵونی سینەمای ئەو سەنتەرەدا وەك ئاماژەیەك بۆ پیشاندانی لە ئایندەدا لە پێش نمایشی رۆژانەی فیلمەکانی تردا پەخش دەکرێت، ئەمە بۆ ئێمە من و ستافی فیلمەکەمان مایەی خۆشحاڵییە و لەگەڵیاندا گەیشتووینەتە لێکتێگەیشتنێك کە لە مانگی ١١دا پیشانی بدەن، بەڵێ وێڕای نەبوونی هیچ پشتیوانییەك هیشتا بەردەوامین لەسەر کارکردنی خۆمان تا ئەمڕۆ توانیومانە کاری بەرهەمهینان بۆ دوو فیلمی تریش بکەین بە ناوەکانی (بازاڕی کۆنەفرۆشان، گوڵچین و خەیاڵەکانی رۆستەم) کە هەردووکیان ئامادەن بۆ نمایشکردن.



